# ئاڵنگارییەکانی بەردەم سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ئاسیای ناوەڕاست

م.ی. تحسین وسو عبدالله[1] م. احمد بابکر احمد[2]
[1] بەشی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان/ کۆلێژی یاسا / زانکۆی نۆلیج - هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.
[1]بەشی دبلۆماسیەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان/ کۆلێژی زانستە سیاسییەکان/ زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر/ هەرێمی کوردستان - عێراق
[2] بەشی دیبلۆماسیەت و پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان/ کۆلێژی یاسا و پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان/ زانکۆی لوبنانی فەرەنسی - هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پووختە**

هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەتی جاران و دروست بوونی دەوڵەتانی موسلمان لە سنورەکانی باکوری ئێران، بۆ تاران بە دەرفەتێکی گەورە لێکدەدرێتەوە، لە راستیشدا دەوڵەتانی ئاسیای ناوەڕاست خۆیان بە فەرمی لە چوارچێوەی بازنەی جیهانی ئیسلامیدا دەبینەوە، واتە دووبارە ئەو دەوڵەتانە خۆیان بە بەشێک لە جیهانی ئیسلامی ڕاگەیاند. چەند دەوڵەتێک لە ناوچەکە سیمبولەکانی ئایینی ئیسلامییان لەنێو ئاڵاکەیان جێگیرکرد و گشتیان چوونە پاڵ ڕێکخراوی هاریکاری دەوڵەتانی ئیسلامی و بوون بە ئەندام "ئەو کات ناوی کۆنفرانسی هاریکاری دەوڵەتانی ئیسلامی" بوو. پێگیریکردنی ناسنامەی دەوڵەتانی ئاسیای ناوەڕاست بە ئیسلام ئاماژەیە بۆ ئامادەبوونیان بۆ هاوکاریکردن لەگەڵ هێزە سەردەستەکانی جیهانی ئیسلامی. هەوڵەکانی ئێران بۆ نیشاندانی خۆی بە سەرکردەی جیهانی ئیسلامی بۆ ئەوەیە کە پایەکانی هەژموونی خۆی لە ناوچەی ئاسیای ناوەڕاست جێگیر بکات، بەڵام ئێران تاکە دەوڵەت نییە کە بۆ ئەم ئامانجە تیدەکۆشێت.

**کلیلە وشەکان: ئێران، ئاسیای ناوەراست، سیاسەتی دەرەوەی ئێران.**

## 1.پێشەکی:

ئاسیای ناوەڕاست یان ناوەڕاستی ئاسیا، ناوچەیەکی فراوانە لە ئاسیا ئەگەرچی ناوچەکە لەڕووی جوگرافییەوە پێناسەکراوە، بەڵام کۆبەندییەکی گشتی نییە لەبارەی پێناسەیەکی یەکگرتوو بۆ چەمکەکە لەلایەن پسپۆڕانی جوگرافیا و جیۆپۆلیتیکەوە، هەروەها سنورەکەی بە شێوەیەکی ورد دیاری نەکراوە، بەڵام سەرەڕایی ئەوە ناوچەکە زۆر تایبەتمەندی گرنگی هاوبەشی هەیە، کە لە ڕووی مێژووییەوە بە یەکەوە بەستراون، هەریەکە لە دەوڵەتەکانی کازاخستان، قیرقیزستان، تاجیکستان، تورکمانستان و ئەرمەنستان لەخۆدەگرێت. هەر بۆیە زۆر جار بە ئاسیای ناوخۆ یان تورکستان دەناسرێت.

سیاسەتی دەرەوەی ئێران لە دوای شۆڕشی ئیسلامی ساڵی ١٩٧٩ دروشمی "نە لەپاڵ ڕۆژئاوا"، " نە لە پاڵ ڕۆژهەڵات"ی ڕاگەیاند، لەبەر ئەمەش ئێران بووە یەکێک لە ئەندامە کاراکانی بزوتنەوەی بێ لایەن و سەربەخۆ. لەم ڕووانگەیەشەوە ساڵی ٢٠١٢ لوتکەی سەرۆکی دەوڵەتانی بێ لایەن لە تاران بەڕێوەچوو. بەڵام ئەم هەڵوێستەی ئێران لەگەڵ کۆتایی هاتنی جەنگی سارد دەستیکرد بە گۆڕانکاریکردن، هەڵوەشانەوەی بلۆکی ڕۆژهەڵات بووە هۆکاری دروستبوونی سیستەمێکی جیهانی تاکجەمسەری کە ئەمریکا بوو بە مەرکەزی سیستەمی تاکجەمسەرییەکە، لەو سەردەمدا ئەمریکا لەسەر ئاستی جیهان بەتایبەتیش لە دونیای ئیسلامدا دەستی کرد بە جیگیرکردنی داخوازییەکانی خۆی، ئەم بارودۆخەش لەگەڵ ئێران پێچەوانەوە و دژ بوو. لەبەر ئەمەش تاران دەستیکرد بە گواستنەوەی ئاراستەی سیاسەتکردنی بۆ بلۆکی مۆسکۆ – پەکین لە پێناو هاوسەنگکردنی لەگەڵ واشنتۆن. هەروەها لەلایەکی دیکەشەوە هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەتی جاران بووە هۆکاری ئەوەی ئاسیای ناوەڕاست ببێتە پرسێکی گرنگ لە سیاسەتی دەرەوەی ئێران.

**پرسیاری سەرەکی توێژینەوە:**

بەشێوەیەکی گشتی گرنگترین پرسیار لە چوارچێوەی بابەتی سەرەکی توێژینەوە بریتییە لەوەی ئایا سیاسەتی ئێران لە ناوچەی ئاسیای ناوەڕاست ڕوو بەڕووی چەند جۆر لە ئالینگاری دەبێتەوە؟ یان بە مانایەکی دیکە، ئایا ئەو ئالینگارییانەی

مجلّة پۆلیتکنیك للعلوم الإنسانیة والإجتماعیة
المجلد 4 ، العدد 1 (2023)
أُستلم البحث في 20 اغسطس 2022؛ قُبل في 05 ديسمبر 2022
ورقة بحث منتظمة: نُشرت في 10 أبريل 2023
البريد الإلكتروني للمؤلف: tahseen.abdullah@knu.edu.iq
حقوق الطبع والنشر © 2023 م. تحسين، م. احمد. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

ڕووبەڕووی سیاسەتی ئێران دەبنەوە لە ناوچەکە ئالینگاری هەرێمین یان نێودەوڵەتی؟

## گرنگی توێژینەوە

توێژینەوە دەربارەی سیاسەتی ئێران لە ناوچەی ئاسیای ناوەڕاست کە ناوچەیەکی گرنگ لەسەر ئاستی جیهان یارمەتیدەرێکی باش دەبێت بۆ تێگەیشتن لە چوارچێوەی گشتی سیاسەتی ئێران لە ناوچەکە.

## گریمانەی توێژینەوە

ئێران وەک دەوڵەتێکی خاوەن شارستانی، ڕابردوو و یادەوەری بەستێنێکی گرنگی مێژوویی، کلتووری، سیاسی و ئابووری لەگەڵ ئاسیای ناوەڕاست هەیە، ئەم بەستێنە جۆراوجۆرانە بنەمای سەرەکی سیاسەتی ئێران پێکدێنن لە ئاسیای ناوەڕاست، سەرەڕای ئەمەش ئێران لە ئاسیای ناوەڕاست بەرەڕووی کۆمەڵێک ئالینگاری دەبێتەوە. وەك روسیا، چین، تورکیا و سعودیە.

## میتۆدەکانی توێژینەوە

بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی لە میانەی توێژینەوەکە خراونەتەڕوو، لێکدانەوە و شیکردنەوەی گریمانەی توێژینەوەکە لە ڕێگەی هەردوو میتۆدی مێژوویی و شیکردنەوەی ناوەڕۆک بەشێوەیەکی زانستی شیکردنەوە لەبارەی بابەتی لێکۆلینەوە دەکرێت، توێژەر هەوڵدەدات لە دەروازەی واقیعگەراییەوە بڕوانێتە ناوەڕۆکی بابەتی پەیوەندییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران لەگەڵ ناوچەی ئاسیای ناوەڕاست و ئالینگارییەکانی بەردەم سیاسەتی تاران لە ناوچەکە.

## پێکهاتەی توێژینەوە:

توێژینەوەکە پێکهاتووە لە پێشەکی و سێ باسی سەرەکی و دەرئەنجام، لە پێشەکی توێژینەوەدا بەشێوەیەکی گشتی بەستێنی سەرەکی سیاسەتی دەرەوەی ئێران لەگەڵ ناوچەی ئاسیای ناوەڕاست خراوەتەڕوو . لە باسی یەکەمی توێژینەوەدا گرنگی ناوچەی ئاسیای ناوەڕاست بۆ ئێران لە ڕووی ستراتیژی و جیۆپۆلیتیکی، ئابووری و وزە باسکراوە.لە باسی دووەمدا شوێنی ئاسیای ناوەڕاست لە سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران باسکراوە. باسی سێیەم تەرخانکراوە بۆ خستنەڕووی ئالینگارییەکانی بەردەم سیاسەتی دەرەوەی ئێران لە ئاسیای ناوەڕاست، لەم چوارچێوەیەشدا ڕوسیا و چین لەلایەک، تورکیا و عەرەبستانی سعودیە لەلایەکی دیکەوە وەک ئالینگاری بەردەم سیاسەتی تاران لەناوچەکە خراونەتەڕوو. لە کۆتایشدا ئەو دەرئەنجامانە باسکراون کە لە میانەی توێژینەوەکە وەدەست هاتوون.

## باسی یەکەم: گرنگی ئاسیای ناوەڕاست بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران

### 1-لە ڕووی جیۆستراتیجی و جیۆپۆلیتیکییەوە

پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لە نێوان مێژوو، کلتوور و جیۆپۆلیتیکی ئێران بەدی دەکرێت لەگەڵ ناوچەی ئاسیای ناوەڕاست، ئەم پەیوەندییەش پارادایمی سەرەکی پێکدێنێت لە سیاسەتی ئێران بەرامبەر ناوچەکە. ئەو چوارچێوە جوگرافیایەی کە لە قۆناغەکانی ڕابردوو ئێران وەک ناوەند بەدیکراوە، هەمیشە مەیلی سیاسەتی تاران لەگەڵ ئەو حکومەت و گەلانە بە ئاراستەی ئەرێنی لێکدەدرێتەوە و خاکەکەش بە بەشێکی دانەبڕاو لە جوگرافیای خۆی سەیر دەکات. ئەم دید و جیهانبینینەی لە ڕابردوو و لە ئێستاشدا لە ئایدیا و پێکهاتەی زیهنیەتی نوخبەی سیاسی ئێرانی ڕەنگیداوەتەوە. نوخبەی دەسەڵاتدار لە ئێران ناوچەی ئاسیای ناوەڕاست بە ناوچەیەکی گرنگ لە کلتوور و مێژووی خۆیان سەیری دەکەن. لەبەر ئەم هۆکارانە لەسەردەمی ئەمڕۆدا جیۆپۆلیتیکی ئاسیای ناوەڕاست لە ڕووانگەی نوخبەی ئێرانیدا بە دەروازەی میتۆلۆژیای مێژووی سیاسی، کلتووری و شارستانیەتی خۆیان دەبینن (Davutoğlu, 2004, S.458 - 461).

لەم بارەیەوە ئێران توانای ئەوەی هەیە ناوچەی ئاسیای ناوەڕاست لە ڕوانگەی جیۆپۆلیتیکی و جیۆستراتیجی خۆیەوە بە سەرچاوەی سەرەکی وزە بەکاربهێنێت. هەرچەندە لەسەردەمی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو ئاسیای ناوەڕاست لە ڕووی سیاسی و ئابوورییەوە وابەستەی ڕوسیا بوویێت لە بەشی باکوریدا، بەڵام لە بەشی باشوریدا لەڕووی کلتووری، کۆمەڵایەتی، ئاینی و مێژوویی بە بەشێک لە مەدەنییەت و حەوزەی کلتووری ئێران بەدیکراوە (بريجنسكي، ١٩٩٩، ص٣٩).

لەڕوانگەی ڕژێمی دەسەڵاتداری تاران، لە دوای لێکهەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو، جوگرافیای ئاسیای ناوەڕاست بوو بە ناوچەی بەیەکگەیەنەری سنوری جیۆپۆلیتیکی ئەمریکا لەگەڵ رووسیا ، لە کۆتایدا ئەمریکا ئێرانی گەمارۆدا لە ڕووی فیزیکییەوە لە باکورەوە، لەگەڵ دروستبوونی کۆمارەکانی جیابوویەوە لە یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو لە ناوچەکە، بەهای بەرگری و ئاسایشی جیۆپۆلیتیکی تارانی بەرزکردەوە. تاران ئەگەرچی لە سەردەمی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو نەیویستبوو بچێتە نێو ململانێ لەگەڵ مۆسکۆ، بەڵام لە دوای ساڵی ١٩٩١ و دەرکەوتنی ئەکتەری نوێ لە پاڵ بابەتی ئاسایش، لەڕووی سیاسی و ئابووریشەوە ئەو دابڕینەی هەیبوو تێکیشکاند، تاران ناوچەکەی وەک دەروازەی دەرچوونی خۆی لەقەڵەمدا. هەروەها سەرەڕایی ئەمەش یەکێ لە بابەتە سەرەکییەکانی سیاسەتی نێودەوڵەتی بریتی بوو لە پرسی کۆنترۆڵ کردنی سەرچاوەکانی وزە و گازی سروشتی لەو دەوڵەتانەی کە لە دەرئەنجامی هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو دروست بوونە. کاتێ سەیری قەبارەی یەدەگی نەوت و گازی سروشتی دەکەین دەوڵەتەکانی ئاسیای ناوەڕاست، باشتر لەوە تێدەگەین کە هەموو جیهان بەرەو ئاسیای ناوەڕاست دەڕوات چونکە لە ڕووی یەدەگی نەوت و گازەوە هەندێ لە وڵاتانی ناوچەکە لە ١٠ ڕیزبەندی وڵاتی یەکەمی جیهاندان(Yazar, 2011, S.16).

ئێران دەیەوێت لایەنە ئەرێنیە جیۆپۆلەتیکیەکانی خۆی بگۆڕێت بۆ ئەو ستراتیژانەی کە دەکرێت بیانخاتە ناو سیاسەتی نێودەوڵەتی بە مەبەستی سوککردنی ئەو سزا ئابووری و سیاسیانەی کە لەلایەن دەوڵەتانی ڕۆژئاوا لەسەررووی هەمووشیانەوە ئەمریکا خراونەتە سەری. لەم چوارچێوەیەشدا ستراتیژی ئێران بریتییە لە هەوڵدات بۆ پێشخستنی ئاستی پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ ڕێکخراوەکانی هاریکاری ئابووری([1]) و ڕێکخراوی هاوکاری شەنگهای([2]) لە ناوچەکە (Dilek, 2011,

(1) ڕێکخراوی هاریکاری ئابووری، کورتکراوەکەی (ECO)، Economic Cooperation Organization: ڕێکخراوێکی نیودەوڵەتییە لە ساڵی ١٩٩٥ دامەزراوە بۆ هاوکاری بازرگانی و ئابووری پیکهاتووە لە نێوان دە دەوڵەت، حەوت دەوڵەت لە کەوتوونەتە ئاسیا و سێ دەوڵەتیش کەوتوونەتە ئەوروپا، کە ئەمانەن (ئێران، تورکیا، پاکستان، ئازەربایجان، تورکمانستان، ئەفغانستان، قیرغیزستان، کازاخستان، ئۆزبەکستان، تاجیکستان)، بنکەی سەرەکی ئەم ڕێکخراوە لە تارانی پایتەختی ئێرانە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە سایتی فەرمی ڕێکخراوەکە: https://www.eco.int/

. S.47)

ئاسیای ناوەڕاست دەکەوێتە ناوەڕاستی دەوڵەتە سەرەکیەکان کە هێزی ناوەکیان هەیە لە هاوبەندی نێودەوڵەتی نوێدا وەک هەرێمێک کە سنوورەکانی لە لایەن ڕوسیا و چین و ئەفغانستان و ئێرانەوە دەورە دراوە، و هندستانیش لە هەوڵی جێگیرکردنی کاریگەریدایە لە ڕێگەی ئەفغانستانەوە. ئێران لە دوای شۆڕشی ئیسلامی ساڵی ١٩٧٩ ئەمریکا بە گەورەترین نەیاری خۆی سەیر دەکات کە خاوەن پێگە و نفوزی زۆرە لە ناوچەکە، بۆیە تاران لەبەرامبەر واشنتۆن هەماهەنگی و هاوکارییەکانی لەگەڵ مۆسکۆ و پەکین پەرەپێداوە و خۆی وەک بەرەیەکی دژە ئەمریکا نیشانداوە لە چوارچێوەی هاوپەیمانێتیەکانی لەگەڵ ڕوسیا و چین(Yazar, 2011, S.17) .

**2-لە ڕووی وزە و ئابوورییەوە**

ئاسیای ناوەڕاست داخوازی نزیکەی ٤٥٪ی نەوت و ٥٥٪ی گازی سروشتی لەسەر ئاستی جیهانی پێکدێنێت. دەوڵەمەندی ناوچەکە لەڕووی سامانە سروشتییەکانەوە توانای ئابووری ناوچەکە بەهێز دەکەن. ئەم تایبەتمەندییە وای کردووە جگە لەهێزە هەرێمییەکان، زلهێزەکانی جیهانیش چاویان لەسەر ناوچەکە بێت، بۆیە بەردەوام ناوچەکە بە شوێنی ململانێ و بەریەککەوتنی هێزەکانی دەرەوەی ناوچەکە سەیرکراوە (Elkhan, 2008, P.157) . دە لە پازدە گەورەترین ئابووری جیهان لە ڕووی کۆی گشتی داهاتی ناوخۆیی دەکەوێتە جوگرافیای نزیک لە ئاسیای ناوەڕاستەوە(Dilek, 2011, S.48) . لە دوای دروست بوونی کۆمارە نوێیەکانی ئاسیای ناوەڕاست لە دەرئەنجامی هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو، ئێران کاریکردووە لەسەر پەرەپێدانی پەیوەندییە ئابووری و بازرگانییەکانی. لەم چوارچێوەیەشدا تاران ئاسیای ناوەڕاست وەک دەروازەی کرانەوە بەڕووی جیهان دەبینێت. لەم بەستێنەشدا وزە و گازی سروشتی بنەمای سەرەکی پێکهێنانی هاوکاری و هەماهەنگییە ئابوورییەکانی ئێرانە لەگەڵ دەوڵەتانی ئاسیای ناوەراست.

دوای نەمانی یەکێتی سوڤیەتی پێشوو، ئێران گرنگییەکی زۆری بە پەیوەندییە ئابووری و بازرگانییەکانی لەگەڵ وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست داوە، هۆکاری سەرەکی لەم گرنگی پێدانەی تاران جگە گەشەپێدانی ئابووری دەوڵەت، دەربازبوون یان کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی ئەو سزا و ئابلووقە ئابوورییانەیە کە دەوڵەتانی ڕۆژئاوا، لەسەرووی هەمووشیانەوە ئەمریکا. لەم ڕووانگەیەشەوە هەنگاوی ئێران هێنانە کایەی ڕێکخراوی هاریکاری ئابووری کە بارەگاکەی لە تارانی پایتەختە. تاران پێی وابوو کە زەمینەیەکی ستراتیجیی پەیدا کردووە کە بتوانێت لە ناوچەکەدا بازنەی کاریگەریی فراوان و جێگیر بکات، کە بۆ بەرژەوەندییە ئابووری و سیاسییەکانی گونجاو بێت.

هەروەها تاران لە نزیکەوە گرنگی بەو بۆریانە دەدات کە بۆ گواستنەوەی نەوت و گازی سروشتی خاوەندارێتی ئێران، تورکمەنستان و کازاخستان بۆ بازاڕەکانی جیهان دامەزراون. هەرچەندە ئێران دەڵێ کە سوودە جیۆپۆلەتیکەکانی سوودی ئابووری لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت، بەڵام ڕێبازە سیاسییەکانی ئەمریکا و روسیا بە پلەی یەکەم دیاری دەکەن کە نەوت و گازی تورکمانستان و کازاخستان لە کوێدا دەکرێتەوە بەڕووی جیهاندا، ئەمریکاش ڕێگری لە پرۆژەکانی تاران دەکات دژی ئێران، جیاوازی زۆر هەیە لە نێوان ئەمریکا و ڕوسیا و ئێران لەسەر پرسی گواستنەوەیان بۆ بازاڕەکانیان. ململانێی ئەمریکا و ئێران راستەوخۆ کاریگەری لەسەر ستراتیژییەکانی سەرچاوەکانی وزە لە ناوچەکەدا هەیە و ئیدارەی واشنتۆن گرنگی بە هێڵەکانی گواستنەوەی وزە دەدات کە ئێران بەدەر دەکات، جگە لەوەش ئەمریکا پاڵپشتی هێڵی بۆری باکو-تفلیس-جەیهان دەکات کە پلانی گواستنەوەی نەوتی ئازەربایجان و کازاخستانە، کە گواستنەوەی وزە لە ڕێگەی تورکیاوە ڕوودەدات، پڕۆژەی بۆری باکوور-باشووری بێلایەن کردووە کە ئێران بەرگری لێدەکات. هەوڵەکان بۆ دامەزراندنی ڕێڕەوێکی دیکەی ستراتیژی وزە لەسەر میحوەرەکانی ئێران، روسیا و ئەرمینیا بۆ هێڵی گواستنەوەی وزە کە لەسەر میحوەرەکانی ئەمریکا، تورکیا و ئازەربایجان دامەزراوە، بەردەوامە (العبيدي، ٢٠٠٨، ص ٨٢ - ٨٥).

لە ئاسیای ناوەڕاست، هەوڵەکانی ئێران و ڕوسیا بۆ بەرهەمهێنانی سیاسەتی وزە بۆ بەرژەوەندی خۆیان، و بە تایبەتی کارەکانیان لەسەر هێڵەکانی گواستنەوەی وزە، کە لەلایەن یەکێتی ئەوروپا و بە تایبەت ئەمریکاوە ڕێگری لێدەکرا، وەک دەستپێشخەرییەکی پێویست هەستیان پێکرا و ئەم تێگەیشتنە لە زلهێزەکانی ڕۆژئاوا ئەنجامدرا تورکیا بەشێکی گرنگی ئاسیای ناوەڕاستە. ڕێگای خۆش کرد بۆ ئەوەی ڕۆڵ بگرێتە ئەستۆ. سەربەخۆیی ئازەربایجان، تورکمانستان، کازاخستان، ئۆزبەکستان و قرقیزستان کە لە ڕووی زمان و ئایین و کولتوورەوە چەندین خاڵی هاوبەشیان لەگەڵ تورکیادا هەیە، ئەمە وا لێکدەدرێتەوە کە ڕۆڵی تورکیا لە ناوچەکە و لە جیهاندا زیاتر بکات. لە نیوەی یەکەمی ساڵانی نەوەدەکاندا تورکیا وەک مۆدێلێکی سەرنجڕاکێش بۆ کۆمارەکانی تورکیا سەیر دەکرا، کە بەدوای مۆدێلێکی نوێی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیدا دەگەڕان و دەیانویست لە ڕۆژئاوا نزیک ببنەوە و ئەو وڵاتانەش هەوڵیان دەدا پەیوەندییەکانیان پەرەپێبدەن لەگەڵ تورکیا. ئەم نزیکبوونەوەیە لەلایەن ئەمریکا و یەکێتی ئەوروپاشەوە پشتیوانی لێکرا، کە نەیاندەویست ناوچەکە بچێتە ژێر کۆنترۆڵی ئێران و ڕووسیا دووبارە بێتەوە ناوچەکە. وزە دەستی کردووە بە ڕۆڵێکی گرنگتر لە سیاسەتە ناوچەییەکانی تورکیا لە ئاسیای ناوەڕاست و قەفقاز. هاوکاری لە بواری وزەدا وەک هێڵی بۆری باکو-تفلیس-جەیهان دەرفەتی بۆ تورکیا ڕەخساندووە کە پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە باشتر بکات (بايروس، ٢٠١٤، شبكة انترنت مركز الجزيرة للدراسات).

(2) ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتییە لە ساڵی ٢٠٠١دا دامەزراوە، بارەگای ڕێکخراوەکە لەپەکینی پایتەختی چینە، ژمارەی ئەندامانی ڕێکخراوەکە هەشت دەوڵەتە، کە بریتین لە چین، ڕووسیا، کیرغیزستان، کازاخستان، تاجیکستان، ئۆزباکستان ، بێجگە لە ئۆزبەکستان وڵاتەکانی تر ئەندامی "کۆمەڵەی پێنج قۆڵی شانگەهای" بوون کە لە ساڵی ١٩٩٦دا دامەزرا بەڵام دوای هاتنی ئۆزبەکستان بۆ ناو کۆمەڵەکە، ناوەکەی گۆڕدرا بۆ "ڕێکخراوی هاوکاریی شانگەهای". زمانی ڕەسمی ڕێکخراوەکە زمانی چینی و ڕوسیە، جگە لەوڵاتانی ئەندام هەریەکە لە ئەفغانستان، ئێران، مەنگۆلستان و ڕوسیای سپی "بیلاڕوسیا" وەک ئەندامی چاودێر و هەریەکە لە دەوڵەتانی ئازەربایجان، ئەرمەنستان، کەمبۆدیا، نیپاڵ، سریلانکا و تورکیاش وەک دەوڵەتی گفتوگۆکاری هاوبەش لەچوارچێوەی ڕێکخراوەکەدان. ئامانجە ڕاگەیەنراوەکانی ڕێکخراوکە خۆی کەمکردنەوە و نەهێشتنی تیرۆر، توندوتیژی و جوداخوازی، هەروەها ڕێگری کردن لە بازرگانیکردن بەچەک و مادده هۆشبەرەکان. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە سایتی فەرمی ڕێکخراوەکە: /http://eng.sectsco.org

یارییەکی ستراتیژی نوێ لە ژینگەی کێبڕکێدا دامەزراوە کە لەسەر وزە لە ئاسیای ناوەڕاستدا گەشە دەکات. ئەکتەرە سەرەکییەکانی ئەم یارییە نوێیە لە ڕووی ناوچەییەوە تورکیا، ڕووسیا، ئێران، چین، ئەفغانستان و پاکستان؛ لە ئاستی جیهانیدا ئەمریکا و یەکێتی ئەوروپا و ژاپۆنە (Mehdi & Hemk, 2007, P.366) ؛ پرسی بەرژەوەندییەکان گرنگترین فاکتەرە کە کێبڕکێ لە نێوان ئەو دەوڵەتانەدا دروست دەکات کە دەیانەوێت کاریگەرییەکانیان لە ناوچەکەدا زیاد بکەن. ڕووسیا هەوڵیدا کاریگەریی خۆی لە ناوچەکەدا بپارێزێت لە چوارچێوەی سیاسەتی ژینگەی نزیک کە دوای هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی سۆڤیەت و دامەزراندنی کۆمۆنوێڵتی دەوڵەتە سەربەخۆکان دەستی بە جێبەجێکردنی کرد، هەروەها هەوڵەکانی دا بۆ ئەوەی بۆرییەکانی نەوت و گازی سروشتی تێپەڕن لە ڕێگەی خاکی خۆیەوە. ئیدارەی مۆسکۆ چەکی ترانزێتی لە هەناردەکردنی گازی سروشتی و نەوت لە ئاسیای ناوەڕاستەوە بۆ ئەوروپا و بازاڕەکانی تری جیهان بەکارهێنا. لەم چوارچێوەیەدا، شوێنی جوگرافی ستراتیژییەکەی دەرفەتی ئەوەی بۆ تورکیا ڕەخساندووە کە ببێتە پردێکی وزە لە گواستنەوەی نەوتی خەزەر و گازی سروشتی بۆ بازاڕەکانی ئەوروپا (Nebahat & Ayhan, 2010, On Taylo & Francis Online Website) . ئەو پێگەیەی کە ئێران بە سوودە جیۆپۆلەتیکەکانی لە ئاسیای ناوەڕاست هەوڵی بەدەستهێنانی دەدات، لەگەڵ هاوکاری ستراتیژی تورکیا لەگەڵ ئەمریکا و یەکێتی ئەوروپا. کاری بۆ ئیدارەی ئەنقەرە کرد. لە ژینگەیەکی لەو شێوەیەدا ئەمریکا دەیەوێت یەدەگی دەوڵەمەندی هایدرۆکاربۆن لە ئاسیای ناوەڕاست و قەفقاز لە ڕێگاکانی ترەوە جگە لە ڕووسیا بگوازرێتەوە بۆ بازاڕە نێودەوڵەتییەکان. دەبینرێت کە ئیدارەی واشنتۆن لەگەڵ وزەی ئەتۆمی و پرسەکانی دیکەی ناوچەیی ناکۆکی هەیە، و نایەوێت ئێران لەڕێگەی پرۆژەی نابوکۆ یان پرۆژەی دیکەوە نەوت و گازی سروشتی هەناردەی ئەوروپا یان چین بکات و چینیش هەوڵدەدات پێش بە زیادبوونی دیپلۆماسییەکەی بگرێت و پەیوەندی سیاسی لەگەڵ ئێران (Mahmoud, 2009, P.80 - 92). ئیکۆ کە هۆکارێکە بۆ هەڵوەشاندنەوەی ناوچەیی نێوان ئێران و ڕووسیا، پێکهاتەیەکە کە هێشتا کاریگەرییە ناوچەییەکەی بە تەواوی ئاشکرا نەبووە، بەو پێیەی کە هەروەها چەندین ڕێبازی جیاوازی لە نێوان وڵاتانی ئەندامدا هەیە و ستراتیژی هاوبەش ناتوانرێت لەلایەن هەموو وڵاتانی ئەندامەوە دیاری بکرێت. لە ئەنجامدا لە کاتێکدا ئێران لە ڕێگای پەرەپێدانی هاوکاری ئابووری و بازرگانی و پرۆژە هاوبەشەکانی نێوان وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست لە ڕێگەی ئیکۆوەیە، لە لایەکی دیکەوە پێی وایە کە کاریگەریی ناوچەیی ئەم ڕێکخراوە کە تێیدا ناکۆکییەکان چارەسەر دەکرێن لە ڕێگەی هاوکارییەوە، بە تێپەڕبوونی کات بەهێز دەبێت (Akdevlioğu, 2004, S.129 - 160).

جگە لەوەش، ئیکۆ بەشدارییەکی زۆری کرد لە دامەزراندنی هێڵی شەمەندەفەری مەشهەد-تەژێن لەلایەن ئێران و تورکمەنستانەوە. ئەم هێڵی ئاسنییە یەکەم پەیوەندی نێوان ئێران و ئاسیای ناوەڕاستی پێکهێنا. لە ڕەهەندی ئێستای پەیوەندییەکان، لەگەڵ واژۆکردنی ڕێککەوتنی گواستنەوەی هێڵی ئاسنی، دەریایی و وشکانی لە نێوان تورکمانستان، ئۆزبەکستان، ئێران، عومان و قەتەر، کە تیایدا پێنج وڵات لە تورکمانستان بەشداریان کرد، کۆریدۆرێکی باکوور-باشوور لە نێوان ئاسیای ناوەڕاستدا دەستی پێکرد کە ئێران ساڵانێکە بەدوایدا دەگەڕێت. ئێران، لە ئەنجامی وەبەرهێنانێکی ١٦٠ ملیۆن دۆلار، کە دەبێتە هۆی دابینکردنی ڕۆیشتنی گازی سروشتی لەگەڵ تورکمانستان، هێڵی بۆری کۆرپێچە-کورتکۆی دروستکرا و پەیوەندی تۆڕەکانی کارەبا لە نێوان... دوو وڵات. ئەمڕۆ ئێران کارەکانی دروستکردنی ڕێگاوبان لە ناوچەکانی باکووری ئەفغانستان ئەنجام دەدات کە ڕێگە بە ئۆزبەکستان و تاجیکستان دەدات. ئێران جگە لە تورکمەنستان سنووری وشکانی لەگەڵ وڵاتانی دیکەی ئاسیای ناوەڕاستدا نییە. بەم شێوەیە پەیوەندیی هێڵی ئاسن و ڕێگای ئێران لەگەڵ ئاسیای ناوەڕاست لە ڕێگەی تورکمەنستانەوە ڕوودەدات. هەر لەبەر ئەم هۆکارەش ئێران گرنگییەکی تایبەت بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ تورکمانستان دەدات. لە ساڵی ١٩٩١ەوە ئێران سنووری خۆی لەگەڵ تورکمانستان بەڕووی بازرگانی ئازاددا کردەوە، بەڵام نەیتوانی ئەو دەستپێشخەرییانە بۆ وڵاتانی دیکەی ئاسیای ناوەڕاست بڵاوبکاتەوە. . (Dilek, 2011, S.51)

## باسی دووەم: ئاسیای ناوەڕاست لە سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی ئێراندا

کاتێک سەیری پێکهاتەی سیاسەتی دەرەوەی ئێران دەکرێت، دەبینرێت سێ یاریدەدەری وەزیری دەرەوە هەن پەیوەست بە ناوچە جیاوازەکان، ئەوانیش یاریدەدەری وەزیری دەرەوە بۆ کاروباری عەرەبی، کاروباری ئەمریکا و ئەوروپا و کاروباری ئاسیا و باسفیک. ( Cirriculum Vitae, Islamic Republic of Iran Ministry of Foreign Affairs,) پەیوەندییەکانی ئێران لەگەڵ ئاسیای ناوەڕاست دەکەوێتە چوارچێوەی کاروباری ئاسیا و باسفیک. کاتێک بەراوردی ئەم سێ ناوچەیە لەگەڵ یەکتردا دەکرێت؛ دەردەکەوێت کە ئێران گرنگی داوە بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ جیهانی عەرەبی و کیشوەری ئەفریقا، بەتایبەتی لە جیهانی عەرەبی دەوڵەتەکانی عێراق، سوریا، لوبنان و یەمەن وەک ئەندامی کۆمەڵگەی جیهانی عەرەبی دەکەونە چوارچێوەی ناوچەی نفوزی تاران، ڕۆژ دوای ڕۆژ پێگەی ئێران لەو ناوچەنەدا ڕوو لەبەرزبوونەوەیە. لەو ناوچانەی ئاماژەی پێدرا جگە لە ئێران هێزە هەرێمییەکانی دیکەی وەک عەرەبستانی سعودیە، تورکیا و ئیسرائیل، زلهێزە جیهانییەکانی وەک ئەمریکا، یەکێتی ئەوروپا و ڕوسیا هەوڵدەدەن لە پێناو جێگرکردن و بەهێزکردنی پێگە و نفوزی خۆیان. بەشێوەیەکی گشتی ئەو پەرتووک و توێژینەوانەی دەربارەی سیاسەتی دەرەوەی ئێران نووسراون جەخت لەسەر ئەم ناوچەیە "ئاسیای ناوەڕاست" دەکەنەوە. (Ametbek, 2017, S.33) هەروەها بە هەمان شێوە بابەتی پەیوەندییەکانی ئێران لەگەڵ دەوڵەتەکانی ڕۆژئاوا بەشێوەیەکی گشتی لە چوارچێوەی ئەو بابەتانەن کە جێگەی گفتوگۆن.

شوێنی ئاسیا لە سیاسەتی دەرەوەی ئێران زیاتر پەیوەندیدارە بە ڕوسیاو چین، کاتێک ئێران پەیوەندی نزیکی لەگەڵ ڕوسیاو چین دروست دەکان، بێگومان ئەمە کاریگەری دەکاتە سەر دەوڵەتەکانی ئاسیای ناوەڕاست، یاخود بە پێچەوانەوە کاتێک ئێران پەیوەندی نزیکی لەگەڵ دەوڵەتەکانی ئاسیای ناوەڕاست دروست دەکات، بێگومان ئەم بابەتە کاریگەری دەکاتە سەر مۆسکۆ و پەکین. دەرئەنجام، سیاسەتی ئێران لە ئاسیای ناوەڕاست، بە گوزارشتێکی گشتی پەیوەندیدارە لەگەڵ کرانەوەی لە ئاسیا. یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئێران لە ساڵی ١٩٩٠ەکان پشتگیریی کرانەوەی تاران لە بەرامبەر ناوچەی ئاسیای ناوەڕاست کرد و وتی: "ئێمە خاوەنی

نەوتین، ژاپۆن خاوەنی تەکنۆلۆجیایە، چین خاوەنی هێزی کارە، ئاسیای ناوەڕاستیش خاوەنی کشتوکاڵە، ئەم سەرچاوە ئابوورییانە دەبنە هۆی بەرەو پێشچوونی ناوچەکە". (Manshri, 1998, P.78) وەرچەرخانی سیاسەتی دەرەوەی ئێران بە ئاراستەی ڕۆژهەڵات گومانی لای ئەمریکا دروستکرد، بەگوێرەی ئەو دەرئەنجامەی هەر یەکە لە توێژەران عەلیداد مافینیزام و ئاریا میحرابی پێی گەیشتوون لە چوارچێوەی پەرتووکی (Iran and its Place Among Nations)؛ ئەوەیە هەڵوێستی دژایەتی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لە ناوچەکەدا بەدرێژایی ساڵانی ١٩٩٠ەکان لەوە سەرچاوەی گرتووە کە ئێران بژاردەی هەماهەنگی ئایدۆلۆژی لەگەڵ ئاسیاییەکان پەسەند کردووە لە ئاراستەی تاران لەبەرامبەر ڕۆژهەڵات، لەم ڕوویەوە ئێران پاڵپشتی لەم ئاراستەیە کرد لە جیاتی کشانەوە لە ئاسیا. لەم سەردەمدا پەیوەندییە ئەمنی و بازرگانییەکانی ئێران لەگەڵ ڕوسیاو چین بە بەهێز بوو، بۆ نموونە: گرنگترین دەستکەوتی ئێران لەم قۆناغەدا پڕۆژەی میترۆی تاران کە لەلایەن چینەوە ئەنجامدرابوو.(طه، ٢٠٠٥، على الموقع انترنت أراء حول الخليج)

کاتێک لە ڕووی جیهانییەوە ئەو ڕووداوەی ئێران بە ئاراستەی ئاسیا سیمبۆلیزە دەکات، لە چوارچێوەی بابەتەکەمان کە ئاسیای ناوەڕاستە، داوا کردنی ئێران بوو لە لوتکەی ئەستانەی ڕێکخراوی هاریکاری شەنگەهای لە ساڵی ٢٠٠٥ وەک ئەندامی چاودێر لە ڕێکخراوەکە لەگەڵ دەوڵەتەکانی هیندستان و پاکستان. کاتێ سەرنج دەدەینە سەر هاوکێشە ناوخۆییەکانی ڕێکخراوی شەنگای، وا دەردەکەوێت مۆسکۆ لە پێناو هاوسەنگی ڕاگرتن لەگەڵ چین پاڵپشتی لە هیندستان وەک ئەندامی چاودێر، پەکینیش لەبەرامبەر هیندستان وەک کارتێک داوای کرد پاکستان بێتە نێو ڕێکخراوەکە، بوونی ئێران وەک ئەندامی چاودێر لە ڕێکخراوەکە زۆرتری سوود بۆ دەوڵەتانی ئاسیای ناوەڕاست دەستەبەر دەکات. هۆکاری ئەمەش ئەوەیە کە دەوڵەتەکانی ئاسیای ناوەڕاست دەروازەیەک لە ڕێگەی چین و ڕوسیا بدۆزنەوە لە پێناو ناردنە دەرەوەی سەرچاوەی ژێر زەوی خۆیان. ناسەقامگیری لە ئەفغانستان بە ئاراستەی باشور ، دەوڵەتانی ئاسیای ناوەراستی ڕاکێش کردووە بۆ ئەوەی لەگەڵ ئێران هەماهەنگی و هاریکاری بکەن. ئێران و ڕوسیا لە بابەتی نەوت و گازی سروشتی وەک ڕکابەری یەکتر دەژمێردرێن لەناوچەکە، لەبەر ئەمە پشتگیری چین بۆ ئێران وەک ئەندامی چاودێر، لەوانەیە لە داهاتوودا ببێتە ئەندامی هەمیشەیی، ئەمەش بۆ ئەو مەبەستەیە کە هاوسەنگی لەگەڵ ڕوسیا بێنێتەدی، چونکە ئابووری چین پێویستی بە وزەی ئێرانە (Ametbek, 2017, S.35) .

لە ساڵی ٢٠٠٦ ئێران بۆ یەکەم جار لەسەر ئاستی سەرۆککۆمار بەشداریکرد لە لوتکەی پێنجەمین ساڵیادی دامەزراندنی ڕێکخراوی هاریکاری شەنگەهای کە لە شاری شەنگەهای چین ڕێکخرابوو، لە میانەی لوتکەکەدا سەرۆککۆماری ئێران ئەحمەدینەژاد گوتی: " بە لە بەرچاوگرتنی بارودۆخی جیۆپۆلیتیکی و جیۆئیکۆنۆمی ئێران و پشت بەستن بە توانا سیاسی و ئابوورییەکانی، تاران ئامادەیە لەگەڵ دەوڵەتانی ئەندام لەم ڕێکخراوە هاریکار و هەماهەنگ بێت بۆ سەقامگیری و ئاشتی و دەستەبەرکردنی دادپەروەری لە ناوچەکە". هەریەکە لە عەلیداد مافینیزام و ئاریا میحرابی کە شیکردنەوەیان بۆ قسەکانی سەرۆک کۆماری ئەوکات ئێران کردووە و دەڵێن؛ " ئەحمەدینەژاد کاتێ جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە ئێران هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ خودی ڕێکخراوەکە دەکات، مەبەستی ئەوە نەبوو هەماهەنگییەکانی تەنها لەگەڵ چین و ڕوسیا پەرە پێبدات بەڵکو لە هەمان کاتدا مەبەستی هەموو دەوڵەتانی ئاسیای ناوەڕاست بوو، بە گوزارشتێکی تر، ئێران لەسەر بنەمای بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆی هەڵسوکەوت بکات، نەک خۆی ببەستێتەوە لەگەڵ مۆسکۆ و پەکین".(Edward, 2012, P.149 - 152) لەهەمان ساڵدا لە کۆنفرانسی ڕێکخراوی شەنگەهای کە لە تاران بەڕێوەچوو لە ژێر ناونیشانی "هیواکان و تواناکان"، وەزیری دەرەوەی ئەو کاتی ئێران ئەم گوزارشتانەی بەکارهێنا: "ئاسیای ناوەڕاست خاڵی ونبووی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوایە. ئەم ناوچەیە بە تایبەتی لەبەر هۆکاری سەرچاوەکانی وزە جێگەی سەرنجی زلهێزە جیهانییەکانە. لە دوای شۆڕشی ئیسلامی ساڵی ١٩٧٩ ئێران بە شێوەیەکی فەرمی بۆ یەکەم جار هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوەکە پەرەی پێدا لە ڕووی سیاسی، ئەمنی و ئابووری لە ناوچەکە" (Mafinezam & Mehrabi, 2008, P.51).

لە ڕاستیدا پەیوەندییەکانی تاران لەگەڵ دەوڵەتانی ئاسیای ناوەڕاست لە دوای شۆڕشی ئیسلامییەو دەستی پێنەکردووە، بەڵکو مێژووی دروست بوونی یەکەم پەیوەندی تاران لەگەڵ ناوچەکە دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغی دروست بوونی ناسنامەی شیعەگەری. لەبنەڕەتدا دروستکارانی بڕیار تەنانەت پارێزگار و دۆگماتیستەکانیش گەیشتوونە ئەو بڕوایەی کە پێویستە ئایدۆلۆجیا لە سیاسەتی دەرەوی دەوڵەت دوور بخرێتەوە. بەرچاوترین نیشانەی ئەمەش ئەوە بوو کە ئەحمەدینەژاد بە هیچ شێوەیەک ئاماژەی نەکرد بە ئایین لە وتەکانی لە میانەی لوتکەی شەنگەهای لە ساڵی ٢٠٠٦، کاتێک کە ئاماژەی بەوەدا ئێران مێژوویەکی قووڵی هەیە لەگەڵ دەوڵەتانی ئەندام لە ڕێکخراوەکە بێ ئەوەی باس لە ئایین بکات ( Mafinezam & Mehrabi, 2008, P.52). ئەمەش بەو مانایە دێت کە هەبوونی چین و ڕوسیا لە ناوچەکە ئێرانی ناچار کرد پەنا ببات بۆ پەیڕەوکردنی سیاسەتێکی پراگماتیشتییانە. بە دەربڕینێکی تر، ڕوسیا، چین و ئێران لە بارودۆخی یەکتر هاوسەنگکردندان. بۆیە بۆ تێگەیشتن لە سیاسەتی ئێران لەبەرامبەر ئاسیای ناوەڕاست گرنگە لێکۆلینەوە لە پەیوەندییەکانی تاران لەگەڵ ڕوسیاو چین بکرێت.

## باسی سێیەم: ئالینگارییەکانی بەردەم سیاسەتی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ئاسیای ناوەڕاست

### 1- ڕوسیا و چین

سەرەڕای کاریگەرییە کلتوورییەکانی ئێران لە ئاسیای ناوەراست، زمانی فارسیش وەک ئامرازێک بەکاردینێت بۆ قایمکردنی پایەکانی هەژموونی خۆی، بەم پێیە جگە لە مێژووی هاوبەش لە ناوچەکە، کاریگەری کلتوور و زمانیش بەدی دەکرێت کە سەرچاوەی لە ڕابردوو وەرگرتووە. بەهەمان شێوە لە دوای قۆناغی یەکێتی سۆڤیەتی جاران زمانی ڕووسی و کاریگەری کلتووری هاوبەشی لە قۆناغی یەکێتی سۆڤیەتدا بە ئاشکرا بەدی کراوە لە ناوچەکە، ئەم کاریگەرییەش لە باکور بەرەو باشور ڕوو لەکەمبوونەوە دەکات، بەتایبەتی لە کازاخستان و قیرقیزستان کاریگەری ڕوسیا زیاتر هەستی پێدەکرێت، بە هەمان شێوەی لە تاجیکستان کاریگەری ڕوسیا لە ئاستێکی بەرزدایە، بەڵام ڕێژەی کاریگەری ڕوسیا کەمتر هەستی پێدەکرێت لە ئۆزبەکستان و تورکمانستان. ڕوسیا بۆ پارێزگاری کردن لەو کاریگەرییەی کە سەرچاوەی گرتووە لە یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو ئامرازەکانی سەربازی، سیاسی و کلتووری بەکاردێنێت.

لەڕووی چەمکگەراییەوە ڕوسیا ئاسیای ناوەڕاست بە "ناوچەی نزیکی دەرەوەی سنور" لێکدەداتەوە. (عبدالله، ٢٠١٢، ١٣٣ - ١٣٧) چەمکی " Blihneye Zarubeje"ڕووسی بە گشتی لە زمانی تورکی بە چەمکی "دەوروبەری نزیک" تەرجومە دەکرێت، بەڵام واتای بنەڕەتی چەمکەکە بە " نزیکی دەرەوەی سنور" دەناسرێت. لێرەدا جەخت لەسەر ئەوە دەکرێتەوە کە دەوڵەتانی ئاسیای ناوەراست و کۆمۆنوێلسی دەوڵەتانی تری سەربەخۆ "ناوچەی نزیکی دەرەوەی سنور"، هەروەها "ستاتۆی تایبەتی لە دەرەوەی وڵات". ئەمەش بە مانای دانپێدانانی فەرمی مۆسکۆ دێت بەو دەوڵەتانە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەردەوامی دەدات بە پارێزگاریکردن لە وجودی سەربازی، سیاسی و کلتووری. چەمکی "وڵاتانی دەرەوەی نزیک" مانای پێچەوانەکەی، واتە "وڵاتانی دەرەوەی دوور" ناگەیەنێت، بە واتایەکی تر، چەمکی "دوور و نزیک" لێرەدا بۆ دووری یان نزیکی لە سنورەکان بەکارناهێنرێت. بۆ نموونە؛ سەرەڕایی ئەوەی مەغۆلستان لە ڕووی سنورەوە دەکەوێتە نزیکی سنورەکانی ڕوسیا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەکەوێتە چوارچێوەی چەمکی "وڵاتانی دوور" لە ڕووانگەی ڕوسیاوە (Fisher, 1996, P.11).

لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا پەیوەندییە سیاسی و ئابوورییەکان شوێنێکی گرنگییان هەیە، بەڵام ئەگەر ئەم پەیوەندییە سیاسی و ئابوورییانە لەلایەن ڕای گشتییەوە پشتگیری نەکرێت و نەبنە ناسنامەی کلتووری ئەوا ئەم جۆرە پەیوەندییانە هەمیشە ئەگەری ڕەتکردنەوەیان هەیە. بۆ نموونە یەکێک لە نزیکترین دەوڵەتە هاوپەیمانەکانی ئەمریکا لە ناوچەکە ئێران بوو لە قۆناغی بەر لە شۆڕشی ئیسلامی ساڵی ١٩٧٩، بەڵام بەهۆی ئەوەی ئەم پەیوەندییە دوو لایەنە سیاسییانە لەلایەن کۆمەڵگەوە پەسەند نەکرابوو بۆیە لە دوای شۆڕش لە ماوەیەکی زۆر کەمدا ئەمریکا لە ڕوانگەی ئێرانەوە گۆڕا بۆ دەوڵەتێکی دژ و نەیار. بە هەمان شێوە سەرەڕایی تۆکمەی و بەهێزی پەیوەندییە ئابوورییەکانی نێوان ڕوسیا و تورکیا، بەڵام لە ٢٥ی کانوونی یەکەمی ساڵی ٢٠١٥ بەهۆی کێشەی خستنە خوارەوەی فڕۆکەی ڕوسیا پەیوەندییەکان لەناکاو پچڕا، کەچی دوای حەوت مانگ پەیوەندییەکانی ڕوسیا و تورکیا ئاسایی بوونەوە. لەسەر ئەم بنەمایەش دەتوانرێت بگوترێت خاڵی پەیوەندی نێوان دەوڵەتان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی کلتوورە. ( Hausheng, 2007, P.149)

بەپێی ڕوانگەی بونیاتگەرایی نە ئەمریکا لە ڕووی سیاسییەوە نە چین لە ڕووی ئابوورییەوە هەڕەشە لە ڕوسیا ناکات، بەڵکو لە بنەڕەتدا ئەوەی مەترسی لەسەر وجودیەتی ڕوسیا دروست دەکات لە ئاسیای ناوەڕاست پێگە و بوونی تورکیایە لە ڕووی کلتوورییەوە، چونکە پەیوەندییە کلتوورییەکان ناسنامەی نەتەوەکان دەگۆڕن. ناسنامەی نەتەوەیی ئەوە دیاریدەکات کە کێ دۆست و کێ دوژمن و نەیاری دەوڵەتە، هەروەها ناسنامەی نەتەوەیی ئەولەویاتی سیاسی و ئابووری دیاریدەکات. بەگوێرەی ئەم بۆچوونەش باشترین نموونە ئۆکرانیایە، ئۆکرانییەکان بۆ ئەوەی ناسنامەی خۆیان لە پۆست سۆڤییەتیەوە بگۆڕن بۆ ناسنامەی ئەورووپی، ئەورووپییەکان وەک دۆست و رووسیەکانیش وەک دوژمن دەبینن. لەم پرۆسەیەشدا پرۆژە جیاوازەکان لە بوارەکانی کلتووری و سکۆلەرشیپی خوێندنی دەوڵەتەکانی یەکێتی ئەوروپا وەک بەدیلێکی هێزی سیاسی و سەرنجی ئابووری کاریگەرییان کردە سەر ئۆکرانییەکان. کاتێک بە شێوەیەکی ووردتر لە بابەتە دەڕوانرێت، وا دەردەکەوێت سیاسەتەکانی کلتووری یەکێتی ئەوروپا وای لە ئۆکرانییەکان کرد کە ڕوو لە ئاراستەی یەکێتی ئەوروپا بکەن (عبدالله، ٢٠١٢، ص١٢٧ - ١٢٨).

لەچوارچێوەی هەموو ئەمانەی کە باسکران، تورکیا وەک بەرچاوترین کێبڕکێکاری ڕوسیادەردەکەوێت لە ناوچەی ئاسیای ناوەڕاست، بە هەمان شێوە ئێرانیش کە تورکیا بە هەڕەشە دەبینێت لەناوچەکە، ئەمەش وای کردووە لە بابەتی ئاسیای ناوەڕاست ئێران لە ڕوسیانزیک بێتەوە. بە مانایەکی تر، نە ڕوسیا، نە ئێران نایانەوێت تورکیا لە ئاسیای ناوەڕاست بەهێز بێت. لەگەڵ ئەوەی ئێران نایەوێت ڕوسیا لە ئاسیای ناوەڕاست زیاتر بەهێز بێت، بەڵام سەرەڕایی ئەمەش تاران پێی وایە بوونی ڕوسیا لە ئاسیای ناوەڕاست بۆ سەقامگیری و ئاسایشی ناوچەکە گرنگە، هەروەها ئاسایشی ئێران وا دەخوازێت تاران لە ئاسیای ناوەڕاست لە بەرەی ڕوسیاو چین دا بێت. چونکە ئێران هێزی نەرمی تورکیا "یەکێتی دونیای تورکی" کە لە ناوچەکە بەکاردێنێت وەک هەڕەشەیەک لەسەر یەکێتی خاکی خۆی دەبینێت (الخفاجي، ٢٠١٥، ص٦٠ - ٨٢).

ئاسیای ناوەڕاست بۆ چین لەچوارچێوەی ئاسایشی هەرێمی خۆسەری سینجان – ئویگور لەبواری ئابووریدا پرسێکی گرنگە. ژاو هواشێنگ ( Zhao Huasheng) سیاسەتی چین لە ئۆراسیا وەک "باخچەی دواوە" لێکدەداتەوە، بە گوێرەی ئەمەش سیاسەتی چین لە ئاسیای ناوەڕاست و زەریای هیندی وەک "هێڵی پێشەوە" شرۆڤە دەکرێت. (Erol & Ekinci, 2011, S.249) چەمکی "بەرەی پشتەوە" لە چەمکی "باخچەی " زیاتر بابەتیترە، لەبەر ئەوەی چەمکی " حەوشەی پشتەوە" ئەمە ڕەتدەکاتەوە کە دەوڵەتانی ناوچەکە بابەتی سەرەکی سیاسەتی نێودەوڵەتی بن، لە کاتێکدا چەمکی "بەرەی پشتەوە" کاریگەرییەکانی دەوڵەتانی ناوچەکە پەسەند دەکات. کاتێک لە ڕووانگەی ئەم چەمکانە سەیری سیاسەتی ئێران دەکرێت لە ئاسیای ناوەڕاست، پەیوەندییەکانی ئێران لەگەڵ جیهانی لە ڕۆژئاوا وەک "بەرەی پێشەوە" و پەیوەندییەکانی لەگەڵ دەوڵەتانی ئاسیای ناوەڕاستیش وەک "بەرەی پشتەوە" هەڵدەسەنگێندرێت، لەم ڕوویەوە بەستێنی "حەوشەی پشتەوە"ی هەردوو دەوڵەت ناوچەی ئاسیای ناوەڕاستە. ڕێگا بازرگانییەکان بە ئاراستەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا (ڕێگای ئاوریشمی مێژوویی) کە هەردوو دەوڵەت دەیانەوێت بەرەو پێشەوەی ببەن لە ڕێگای ئاسیای ناوەڕاستەوە تێپەڕ دەبێت (Ametbek, 2017, S.38).

لەم ساڵانەی دوایدا چین هەنگاوی ناوە بۆ ئەوەی ئاستی پێشکەوتنی هەرێمی باشوری ڕۆژهەڵات بەرەو هەرێمی باکوری ڕۆژئاوای وڵات ببات. پێشنیاری "ڕێگای کەمەرەبی" لەلایەن سەرۆکی چین لە ساڵی ٢٠١٣ خرایەڕوو خزمەتی ئەم ئامانجە دەکات، بە تایبەتی خزمەتی چین دەکات بە ئاراستەی کردنەوەی بەرەو ئەڤراسیا. دوو ڕێگە هەن کە بە باکور و باشوری دەریای قەزوین تێپەڕ دەبن کەلوپەلی چین دەگەیەننە بازاڕەکانی ڕۆژئاوای ئەوروپا. لە ڕێگای بەرەو باکور چین ناچارە لەگەڵ ڕوسیاهەماهەنگی بکات، لە کاتێکدا لە ڕێگای باشوریش پێویستە لەگەڵ ئێران هاوکاری و هەماهەنگی دروست بکات. لەڕووانگەی ئەوەی کە ئەم دوو ڕێگەیە بە ئاسیای ناوەڕاست تێپەڕدەبن، پێکهاتەیەک لە ڕوسیا، ئاسیای ناوەڕاست و ئێران دروست دەکات سەبارەت بە چین، ئەویش ڕێکخراوی

هاریکاری شەنگەهایە کە پەکین ناچارە هەڵسوکەتی لەگەڵ بکات. لە هەمان کاتدا چین پێداویستییەکانی خۆی لە بواری وزە هەم لە ڕوسیا، هەم لە دەوڵەتانی ئاسیای ناوەڕاست هەمیش لە ئێران دەستەبەر دەکات. (Dmitri, 2007, P.83) کاتێک ڕێگا بازرگانییەکان و سیاسەتی وزە بەیەکەوە هەژمار دەکرێن، لە بنەڕەتدا هاوکارییەکانی چین – ئێران لە ئاسیای ناوەڕاست لە دژی ڕوسیا و لە بەرژەوەندی سەربەخۆی دەوڵەتانی ئاسیای ناوەڕاست کار دەکەن. بە گوزارشتێکی تر، وجودی چین لە ئاسیای ناوەڕاست پێگەی ڕوسیا لە ناوچەکە لاواز دەکات. هەروەک توێژەر دمێتری ترێنین (Dmitri Trenin) پێی وایە ڕێکخروای هاریکاری شەنگەهای بە مانای بوونی چین لە ئاسیای ناوەڕاستدا دێت. ( Erol & Ekinci, 2011, S.433) لەلایەکی دیکەشەوە ململانێی لەگەڵ ئەمریکا بۆ ڕوسیا لە ڕووی جیهانییەوە گرنگە، بە هەمان شێوە ناهاوسەنگ بوونی ئەمریکا لە ڕوانگەی چین و ئێران هەڕەشە بۆ ئاسایشی ناوچەکە دروست دەکات. لە ڕوانگەی جیۆپۆلیتیکییەوە، هۆکاری سەرەکی بۆ هەماهەنگی لە ئاسیای ناوەڕاست "بەرەی پێشەوە" و "بەرەی پشتەوە"یە کە دەخوازن لەگەڵ دەوڵەتانی ڕۆژئاوا لە پەیوەندیدابن، ئەم هەوڵەش بۆ دەستەبەر کردنی هاوسەنگی ئەمریکایە.

دەرئەنجام، پاڵەپەستۆ و گوشارەکانی سەر ئێران کە لەلایەن ئەمریکا کاری لەسەر دەکرێت، وای کردووە تاران بچێتە پاڵ چین و ڕوسیا، ئەم هەڵومەرجەش کاریگەرییە دوو لایەنەکانی ئێران لەگەڵ ئاسیای ناوەڕاست خێرا دەکات. وەک ئەوەی لە سەرەوە ئاماژەی بۆ کرا، بۆ یەکەم جار لە مێژوو ئێران لەگەڵ ڕوسیا و چین بەشداریکرد لە هەمان ڕێکخراو، ئەویش ڕێکخراوی هاریکاری شەنگەهای بوو. کاتێک لە ئەگەری ئەندامێتی تەواو سەیری ئێران دەکرێت لە ڕێکخراوی هاریکاری شەنگەهای، (Hans, 1973, P.148) پێکهێنانی نوێی ڕێکخراوەکە کە لەلای چینەوە دەستی پێکردووە زیاتر بە ڕوون و ئاشکرایی دەردەکەوێت. سەرکەوتن و سەرنەکەوتنی ئەم ڕێکخراوە پەیوەندیدارە بە تواناکانی چین لەسەر بنیاتنانی ناسنامەی "ئاسیایی" لە نێوان دەوڵەتانی ئەندام. بارودۆخی ئێستا کە لەبەرچاوە ئەوەیە کە سیاسەتی دەرەوەی ئێران بەرەو ئاراستەی ئاسیا و ئاسیای ناوەڕاست دەچێت. هەوڵ و خەباتی ئێران لە ئاسیای ناوەڕاست بۆ ژیانەوەی کلتووری خۆی لەسەر بنەمای مێژووی کۆنییەوە، ڕووبەڕوو دەبێتەوە لەگەڵ تورکیا و عەرەبستانی سعودیە کە بە هەمان ئاراستە کار دەکەن. هەرسێ دەوڵەت زیاتر جەخت لەسەر بابەتەکانی پەیوەست بە ناسنامە و کلتوور دەکەنەوە لە جیاتی جەخت کردنەوە لەسەر چالاکییە سیاسی و ئابوورییەکان لە ناوچەکە، لەبەر ئەوە دەتوانرێت ناکۆکی نێوان هەرسێ دەوڵەت لە ئاسیای ناوەڕاست وەک ململانێ کلتووری لێکبدرێتەوە (عەبدوڵڵا، ٢٠٢٠، ل١٢ -١٦).

## ٢- تورکیا و عەرەبستانی سعودیە

لە پاڵ ئێران هەریەکە لە تورکیا و عەرەبستانی سعودیە لە ئاسیای ناوەڕاست تێدەکۆشن لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئایینی ئیسلام لە پێناو ڕاکێشانی دڵ و دەرون و زیهنییەتی مرۆڤەکان. لە نێوان ئەو سێ دەوڵەتەدا ئێران؛ خۆی وەک مەرکەز دەبینێت بۆ جیهانی ئیسلامی لە ڕووانگەی مێژوویی، کلتووری، زانستی، شوێنی جوگرافی (جیۆپۆلیتیک) و بەتایبەتیش پێگە و شوێنی سیاسی. عەرەبستانی سعودیە بەهۆی لەخۆگرتنی سنوری خاکی پیرۆز خۆی وەک سەرکردە دەبینێت لە جیهانی ئیسلامیدا. لەلایەکی دیکەشەوە تورکیا تا ساڵانی ١٩٩٠ەکانەوە خۆی لە چوارچێوەی شارستانییەتی ئیسلام پێناسە نەدەکرد، بە گوێرەی تێزی ساموێل هانتیگتۆن لە چوارچێوەی پەرتووکی "پێکدادانی شارستانییەکان" ئێران بە بەراورد لەگەڵ هەریەکە لە عەرەبستانی سعودیە، میسر، ئەندەنوسیا و پاکستان زیاتر شایستەیە بۆ ئەوەی سەرکردایەتی جیهانی ئیسلامی بکات.(الطائي، ٢٠١٢، ص5-6). هەروەها هەرچەندە ئەنقەرە خۆی بە فەرمی لە چوارچێوەی ئیسلام پێناسە نەکات، بەڵام چالاکییەکانی گرووپ و کۆمەڵە و تەریقەتە جیاوازەکان کە لە تورکیاوە هاتوون، لە ئاسیای ناوەڕاست پەیوەست دەبن بە ئایینی ئیسلام.

بۆ ئەوەی دڵ و مێشکی مرۆڤەکان بەڵای خۆتدا ڕابکێشی و لەوێشدا ناوچە نفوز بۆ خۆت دروست بکەی، پێویستە ئەو مرۆڤانە سەرەتا زمانی خۆیان فێربن. ئەو مرۆڤانەی لە سەردەمی پێش یەکێتی سۆڤیەت لە ئاسیای ناوەڕاست دەژیان بەتایبەتی ڕۆشنبیرەکان لە قوتابخانە ئایینییەکان خوێندوویانە و زمانەکانی عەرەبی، فارسی و زمانی تورکی چاغەتای کە لە زمانی عوسمانی تورکی نزیک بووە دەزانی. هەروەها لەگەڵ داگیرکاری ڕوسیا بۆ ناوچەکە و دواتر فەرمانڕەوایی سۆڤیەت "پەردەی ئاسنین" لە نێوان ئاسیای ناوەڕاست و جیهانی ئیسلامی کێشرا. گەلانی ئاسیای ناوەڕاست کە ئەو کات وەک تورکستان دەناسرا، لە جیهانی ئیسلامی دابڕا کە ناوەندەکەی مەککە بوو، بەرەو جیهانی ڕووسی/سۆڤیەتی ڕۆیشت کە ناوەندەکەی مۆسکۆیە (دوگین، ٢٠١٧، ل.١٩٧ - ٢٠٠). لە سیاسەتی بڵاوکردنەوەی زمانی خۆیان لە نێو گەلانی ئاسیای ناوەڕاست تورکیا لە پێش هەریەکە لە ئێران و عەرەبستانی سعودیە دایە. ئەنقەرە لە ڕێگەی پێدانی سکۆلەرشیپ هەزاران خوێندەڤانی بۆ تورکیا ڕاکێشاوە، لە سەر ئاستی ناوچەکەدا زانکۆکانی کردۆتەوە، لە زانکۆکانی ناوخۆی وڵاتانی ناوچەکدا بەشی زمانی تورکۆلۆژی کردۆتەوە و لەم ڕێگەیەوە خزمەتی زمانی تورکی دەکات. ئەم جۆرە سیاسەتەش یارمەتیدەر دەبێت بۆ کەرتی تایبەت، لە ناوچەکەدا ئەوانەی فێری زمانی تورکی بوونە لە کۆمپانیا تورکییەکان بە ئاسانی دەتوانن دەرفەتی کار بدۆزنەوە، ئێران بۆ جێبەجێکردنی ئەم جۆرە پرۆژانە سەرەڕایی ناتەواوی لە ڕووی ئابوورییەوە بەڵام لە تاجیکستان وا دەردەکەوێت کە سەرکەوتوو بووە Güler, 2013, P. 100)
(113 -. ئێران لە دەوڵەتە تورکەکانی ئاسیای ناوەڕاستدا تەنها بە کردنەوەی بەشی زمانی فارسی لە چوارچێوەی بەشی ڕۆژهەڵاتناسی لە زانکۆ سەرەکییەکانی پایتەختەکان ڕازی بووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەوانەی خوێندنیان تەواو کردووە لە دۆزینەوەی دەرفەتی کار بەرەو ڕووی سەختی و زەحمەتی دەبنەوە. ئەو خوێندکارانەی ئاسیای ناوەڕاست کە لە ئێران خوێندوویان یانیش ئەوانەی گەڕاونەتەوە وڵاتەکانیان تا ئێستا ژمارەیان دیار نییە. هەروەها لەگەڵ ئەمەشدا ڕاستییەک بەدی دەکرێت کە ئەوانەی دوای تەواو کردنی خوێندن لە ئێران گەڕاونەتوە وڵاتەکانیان بە ئاسانی کاریان دەست ناکەوێت لەبەر ئەوەی ئەمانە وەک هەڵگری ئایدۆلۆژیای شیعەی ئیسلامی سەیر دەکرێن. بە کورتی زمانی فارسی لە ناوچەکە زۆر جێگەی پەسەند نییە، ئەگەر بێینە سەر بابەتی زمانی عەرەبی، وا دەردەکەوێت هەریەکە لە عەرەبستانی سعودیە و میسر چالاکن لەم بوارەدا. ئەوانەی بۆ خوێندن ڕوویان لە میسر و عەرەبستانی سعودیە کردووە، کاتێک دەگەڕێنەوە دەبینرێت کە ئایدۆلۆژیا "وەهابیزم"ی عەرەبستانی سعودیە بۆ وڵاتەکانی ئاسیای ناوەڕاست دەگوازنەوە، ناکۆکی نێوان وەهابیزم و

شیعەگەری بەتەواوی لە تاجیکستان دەردەکەوێت ( Fida, 2018, P.113 - 125).

کاتێک بەراوردی پێگە و وجودی هەرسێ دەوڵەت دەکرێت لە ئاسیای ناوەڕاست لە دوای یەک چارەکە سەدە، تورکیا لە پاڵ ناسنامەی ئیسلام، تورک و ئەوروپایی توانیویەتی لە ڕێگای دراما تەلەفزیۆنییەکان و سیکتەری گەشتیارییەوە مێشک و دەروون و زیهنییەتی گەلانی ناوچەکە بۆلای خۆی ڕابکێشێت. هەروەها لە بابەتی پەیوەست بە ئیسلام، ڕێچکەی وەهابیزم کە لە عەرەبستانی سعودیە سەریهەڵداوە، وا دەردەکەوێت ئەم ڕێچکەیە هەم لە نێو گەل هەمیش لە نێو فەرمانڕەواکاندا کاریگەرە و ڕێگری لێکردنی ئاسان نییە. سەرەڕای شوێنی جوگرافیای ئێران کە نزیکە ئاسیای ناوەڕاست، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تاران نەیتوانیوە ببێتە ناوەندێکی سەرنجڕاکێش بۆ ئاسیای ناوەڕاست لەبەر هۆکاری ناسنامەی شیعەگەرێتی ئیسلامی و لاوازی ئابوورییەکەی. ئێران لەبەرامبەر لوتکەی دەوڵەتانی تورک زمان لە ساڵی ١٩٩٢ یەکێتی دەوڵەتانی فارس زمانی دامەزراند،(Khosrokhavar & Roy, 2013, S.135) کە زیاتر لە ئەفغانستان بوو، لە ئاسیای ناوەڕاست تەنها وڵاتی تاجیکستانی لەخۆگرت. لەگەڵ هەموو ئەو خاڵە نەرێنییانەشدا ئێران توانی هەڵوێستی ڕاستەقینە لە دژی دەوڵەتانی ڕۆژئاوا لە نێو خەڵکدا هاوسۆزییەک پەیدا بکات (عەبدوڵڵا، ٢٠٢١، ل.١٠٨ - ١٢١). لە دەرئەنجامدا، شیعەگەرێتی ئێران لە ئاسیای ناوەڕاستی نەیتوانیوە وەرگر بدۆزێتەوە، تەنانەت دەتوانرێت بگوترێت ئیسلام هێزی ڕاکێشانی خۆی لە ئێران وون کردووە. بە گوێرەی تێڕوانینی نووسەری ئەم پەرتووکە، زۆرینەی ئەوانەی لە ئاسیای ناوەڕاستەوە بۆ خوێندن ڕوو لە تورکیا دەکەن زیاتر دیندار و پەیوەستن بە ڕێنمایی و بنەماکانی ئایین، لەکاتێکدا زۆرینەی ئەو خوێندکارانەی لە ئێرانەوە بۆ خوێندن روو لە تورکیا دەکەن دوورن لە ئایین، تەنانەت خۆیان بە ئەتایست پێناسە دەکەن. دەربارەی ئەم بابەتە هەریەکە لە فەرهاد خوسرەوخوار و ئۆلیڤەر رۆی لە پەرتووکەیاندا بە ناوی "ئێران؛ کۆتایی شۆڕش" بەم شێوەیە باس لە بارودۆخکە دەکەن: "بەگوێرەی زۆرینەی گەنجانی ئێرانی، ئایین وەک دار دەستێکە بۆ لێدان، وەک لە سوچێکی شەقامەوە لە چاوەڕوانی یەکێک هەستی پێدەکرێت و گەنجان نەفرەت لە ئایین دەکەن"( Manshri, 1998, P.85 )

## I. دەرئەنجام

پەیوەندییە ئابوورییەکانی ئێران زۆرترینی لەگەڵ ناوچەی ئاسیای ناوەڕاستە، کە دێننە سەر دەوڵەتەکانیش زیاتر مەبەستووڵاتی کازاخستانە. لە ڕووی کلتوورییەوە لە ناوچەی ئاسیای ناوەڕاست تاجیکستان نزیکترین هاوبەش و هاوپەیمانی ئێرانە. کاتێک سەیر دەکەین دەبینین پەیوەندییەکانی ئێران لەگەڵ تورکمانستان لە ئاستی هاوسەنگدایە، بەڵام تاران پەیوەندییەکانی لەگەڵ قیرقیزستان خەریکە تازە بەرەو بارودۆخی باش دەڕوات، لەگەڵ ئۆزبەکستانیش پەیوەندییەکانی بە قۆناغی هەڵکشان تێپەڕ دەبێت. بەهۆی جیاوازی ئاستی پەیوەندییەکانی ئێران لەگەڵ دەوڵەتەکانی ناوچەکە وای کردووە چەمکی "سیاسەتی ئێران لەبەرامبەر ئاسیای ناوەڕاست" چەمکێک ئاڵۆز و جێگەی مشتومڕ بێت، بۆیە لێرەدا ڕاستر و گونجاوترە لە شوێنی چەمکی "سیاسەتی ئێران لە بەرامبەر ئاسیای ناوەڕاست" چەمکی "پەیوەندییەکانی ئێران لەگەڵ دەوڵەتانی ئاسیای ناوەڕاست" بەکاربهێنرێت، چونکە ئاسیای ناوەڕاست بە شێوەی جیاواز وەڵامی ستراتیژی سیاسەتی دەرەوەی ئێران دەداتەوە، هەروەها ئەولەویاتی تاران بۆ دەوڵەتانی ئاسیای ناوەراست بە چەندین شێوەی جیاواز خۆی دەنوێنێت.

ڕێگە گرتن لە سیاسەتی شیعەگەرێتی ئێران، پێویستە دەوڵەتەکانی ئاسیای ناوەڕاست ستراتیژییەتی بەرگری کردن لە پێش بگرن. ستراتیژییەتی بەرگری کردن بەو واتایەی لە دەوڵەتەکانی ئاسیای ناوەڕاستدا ناسنامەی ئایینی خۆیان بەهێز بکەن. هەر بەم هۆیەشەوە وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست سەرەتا مەشق و ڕاهێنانەوە ستاف و گرووپی دروست دەکەن کە تێگەیشتنی نەریتی - لۆکاڵی دەربارەی ئایین هەیە، دواتر ئەمانە بەشێوەیەکی ئاسایی هۆشیاری ئایینی خەڵکی زیاتر دەکەن. ئەگەر لەسەر ئاستی ناوچەییدا ئەمە ڕەچاو بکرێت، زەرووره وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست لە نێوان خۆیاندا لەسەر یەکریزی ئاینی یان لەسەر بابەتی ئایینی هەماهەنگی و هاوکاری دەست پێ بکەن، ئەم بابەتە پێویستی بە لێکۆڵینەوە و دیراسە کردنی زیاتر هەیە. ئەگەر وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست بتوانن بە هاوبەشی نەریتی ئیسلامی سوننە زیندوو بکەنەوە ، ئەوە تەنیا دژی شیعەگەریی ئێرانی نابێت؛ بەڵکو دەبێتە ڕێگر و دژ بۆ بیروباوەڕەکانی ایدۆلۆژیای وەهابیزم کە لەجیهانی عەرەبییەوە بە خێرایی تەشەنەدەکات بۆ ناوچەکە. لەم بابەتەدا تورکیا بەهۆی ئەوەی پەیڕەوی لە مەزهەبی حەنەفی دەکات هاوشێوەی دەوڵەتەکانی ئاسیای ناوەڕاست دەتوانرێت یارمەتیدەری دەوڵەتەکان بێت.


### زمانی کوردی

1. ئیبراهیم ئەبراش، (٢٠١٣،). میتۆدەکانی تویژینەوە لە کۆمەڵناسی، هەنگاوەکانی ئەنجامدانی تویژینەوەی زانستی، و؛ دیدار ئەبوزێد. هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

2. عەبدوڵڵا، تەحسین وسو. (٢٠٢٠). هێزی نەرم لە سیاسەتی دەرەوەی ئێران. زنجیرە بڵاوکراوەکانی ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان. سلێمانی: زنجیرە ٩٧.

3. دیمۆحەمەد ئامێد بەک، (٢٠٢١)، کۆدەکانی جیۆپۆلیتیکی سیاسەتی دەرەوەی ئێران، وەرغێڕانی: تەحسین وسو عەبدوڵڵا، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری دیراسات و توێژینەوە و ئەکادیمیای پارتی دیموکراتی کوردستان.

4. دوگین، ئەلیکساندەر. (٢٠١٧). تیۆری چوارەمی سیاسەت. وەرگێڕانی: وریان غەفوری. سلێمانی: لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا.

### زمانی ئینگلیزی

5. Nuriyev, Elkhan. (2008). “Azerbaijan and the European Union: New Landmarks of Strategic Partnership in the

South Caucasus–Caspian Basin", Southeast European and Black Sea Studies, Cilt 8, Sayı 2.

6. Parvizi Amineh, Mehdi - Houweling, Henk. (2007). "Global Energy Security and Its Geopolitical Impediments-The Case of the Caspian Region", Perspectives on Global Development and Technology, Sayı 6.

7. Yazıcı, Nebahat & Demirtaş, Ayhan. "Turkey's Natural Gas Necessity and Consumption", Available at: http://www.tandfonline.com/doi/pdf/10.1080/00908310131 6931870 [Accessed: 2end September 2022].

8. Ghafouri, Mahmoud. (2009). "China's Policy in the Persian Gulf". Middle East Policy Volume16, Issue2. Available at: http://www.mepc.org/journal/middle-eastpolicy-archives/chinas-policy-persian-gulf (Accesssed: 01.9.2022).

9. Cirriculum Vitae. Islamic Republic of Iran Ministry of Foreign Affairs, Available at: http://en.mfa.ir/index.aspx?fkeyid=&siteid=3&pageid=2132 (Accesssed: 01.9.2022).

10. Menashri, David. (1998). "Iran and Central Asia: Radical Regime, Pragmatic Politics. Central Asia meets the Middle East. London: Frank Cass.

11. Mafinezam, Alidad - Mehrabi, Aria. (2008). Iran and Its Place Among Nations. Praeger Publisher. 2008, s.50.

12. Wastnidge, Edward (2012). Iran and its Place Among Nations. Iranian Studies, 45(1).

13. Fisher, Glen. (1996). Mindsets: The Role of Culture and Perception in International Relations.

14. Zhao, Huasheng. (2007). "Central Asia in China's Diplomacy", der. Eugene Rumer - Dmitri Trenin - Huasheng Zhao, Central Asia : Views From Washington, Moscow, and Beijing, M.E. Sharpe.

15. Trenin, Dmitri. (2007). "Russia and Central Asia: Interests, Policies, and Prospects", der. Eugene Rumer - Dmitri Trenin - Huasheng Zhao, Central Asia : views from Washington, Moscow, and Beijing, M.E. Sharpe.

16. J. Morgenthau, Hans. (1973). Politics among Nations: The Struggle for Power and Peace, Alfred A. Knopf, Fifth Edition, USA.

17. Zeeshan, Fida. (2018). Central Asia's Place in Turkey's Foreign Policy. Policy Perspectives. Vol. 15, No. 1.

18. Gürler, R. T. (2013). Turkey's Soft Power towards Central Asian Countries after the Cold War. İZÜ Sosyal Bilimler Dergisi, 1(2).

### زمانی تورکی

19. Davutoğlu, Ahmet. (2004). Stratejik Derinlik: Türkiye'nin Uluslararası Konumu. İstanbul: Kure Yayınları.

20. Yazar, Yusuf. (2011). Enerji İlişkiler Bağlamında Türkiye ve Orta Asya Ülkeleri. Ankara: Ahmet Yesevi Üniversitesi Yay.

21. Dilek, Kaan. (2011). İran'ın Orta Asya Politikaları. Ankara: Ahmet Yesevi Üniversitesi Yay.

22. Ametbek, Dinmohammed. (2017). İran ve Orta Asya; Tarih, Kultur ve Siyaset. Ankara: ANKASAM Çalışmaları.

23. S. Erol, Mehmet - C. Ekinci, Arzu. (2011)."İran'ın Orta Asya Politikası: İşbirliği Arayışları ve Güvenlik Sorunu", der. Mehmet Seyfettin Erol, Küresel Güç Mücadelesinde Avrasya'nın Değişen Jeopolitiği: Yeni Büyük Oyun, Ankara: Barış kitap.

24. Khosrokhavar, Farhad - Roy, Oliver. (2013). İran: Bir Devrimin Tükenişi, (çev. İsmail Yergüz), Metis Kitap Yayınlar.

25. Atay, Akdevelioğlu. (2004). "İran İslam Cumhuriyeti'nin Orta Asya ve Azerbaycan Politikaları", Uluslararası İlişkiler, Cilt 1, Sayı 2 .

### زمانی عەرەبی

26. العبيدي، محمد. (٢٠٠٨). ايران وجمهوريات أسيا الوسطى الاسلامية. مركز الدراسات الاقليمية/ جامعة الموصل. مجلة التربية والعلم – المجلد (15) العدد (4).

27. بايروس، سباستين. (٢٠١٤). هل يتنامى دور إيران في آسيا الوسطى؟. مركز الجزيرة للدراسات. على الموقع https://studies.aljazeera.net/ar/files/iranfuturerole/2014/03

/2014331113547142325.html (تأريخ الزيارة: ٢٠٢٢/٩/١).

28. طه، ممدوح. (٢٠٠٥). ايران وأسيا الوسطى بين مواجهة الهيمنة والتكامل الاقليمي. على الموقع انترنت أراء حول الخليج https://araa.sa/index.php?view=article&id=2999:2014-08-06-17-15-08&Itemid=172&option=com_content (تأريخ الزيارة: ٢٠٢٢/٩/١).

29. عبدالله، حجاب. (٢٠١٢). السياسة الاقليمية لايران في أسيا الوسطى و الخليج (1979 – 2011) دراسة في دور المحددات الداخلية والخارجية. رسالة ماجستر غير منشور، جامعة الجزائر 3، كلية العلوم السياسة والاعلام، قسم العلوم السياسة والعلاقات الدولية.

30. بريجنسكي، زبغينو. (1999). رقعة الشطرنج الكبرى: السيطرة الامريكية وما يترتب عليها جيواستراتيجية. المركز الدراسات العسكرية.

31. الخفاجي، حيدر عبدالجبار. (2015). التنافس السياسي والاقتصادي التركي – الايراني وانعكاساته الاقليمية. رسالة ماجستر غير منشور، جامعة النهرين، كلية العلوم السياسة/ العلاقات الاقتصادية الدولية.

32. الطائي، عبدالرزاق خلف محمد. (2012). التنافس السعودي/ الايراني في جمهوريات اسيا الوسطى. دراسات اقليمية 9 (18). على الموقع: https://regs.mosuljournals.com/article_60226_ce9b184470de45ae246e1ac31978bcf2.pdf (تأريخ الزيارة: ٢٠٢٢/٩/١).

## The challenges of the Islamic Republic of Iran's foreign policy in Central Asia

Abstract:

The dissolution of the former Soviet republics and the emergence of Muslim states on Iran's northern borders are seen as a great opportunity for Tehran. In fact, the Central Asian states officially considered themselves part of the Islamic world. Several countries in the region incorporated Islamic symbols into their flags and all joined the Organization of Islamic Cooperation (OIC) and became members of the "then called the Conference of Cooperation of Islamic States. The adherence of the Central Asian states to the identity of Islam indicates their willingness to cooperate with the dominant forces of the Islamic world. Iran's efforts to portray itself as the leader of the Islamic world are aimed at establishing its hegemony in Central Asia, but it is not the only country striving for this goal.

**The most important findings of this study are:**

1. Central Asia is of the important region in iran's foreign policy.
2. Iran has some obstructs in Central Asia, for instance: Russia, China, Turkey and Saudia Arabia.

**Keywords: Iran, Central Asia, Foreign Policy.**